## یاخی ... بەندی عەلی

نامەوێ تەرمێکی تر بم لەسەر شانی ماندووان
نامەوێ شەرمێکی تر بم لەسەر تەوێڵی ئینسان
نامەوێ دارێکی زڕ بم بکرێم بەخۆراکی گڕ
یان سەرابی سێبەرێ بم بۆ سەرخەوی کاسەپڕ
نامەوێ ئاوی زەریا بم لێوی تینوو تەڕ نەکەم
یان پەڵەهەورێکی ووڕ بم بەئاسمانا گەڕ نەکەم
ئارەزوومە شنەی بابم بۆ نامەکانی ئەوین
سمبولێ بم بۆ ڕەهایی عاشقانی سەرزەمین
ئارەزوومە هاژەی چەمی یاخی بوو بم لەکەنار
سەدایەک بم بۆ نەوایەک لەم بنار بۆ ئەو بنار
ئارەزوومە چقڵی چاوی تیر نەخۆری جەردە بم
پەنجەرەی بەر خۆرەتاوی بێ تەم و بێ پەردە بم

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.